# ئەنفلەوەنزای دکتاتۆر

د.کەمال سەید قادر
drkamalsaidqadir@gmx.at

دیاردەی سیستەمی حوکمی دکتاتۆری بە هەمو جۆرەکانی یەوە، دیارە دیاردەیەکی کاتی ناسروشتی یە لە ژیانی سیاسی گەلاندا. دەتوانین دیاردەی ئەو گەلانەی بەدەست سیستەمی دکتاتۆری یەوە دەنالێنن، لە گەل دیاردە توشبونی کەسێک بە نەخۆشی ئەنفلەوەنزا بەراورد بکەین، چونکە ئەنفلەوەنزاش دیاردەیەکی کاتی یە لە ژیانی مرۆڤێکدا وە نەخۆشی یەکی ئەوەندە کوشندەش نی یە کەوا بتوانێت مرۆڤێک لە ناو ببات. چارەسەر کردنی نەخۆشی ئەنلەوەنزاش یاخود خۆی یە، واتە لە شی مرۆڤ خۆی بەسەر ڤایرۆسەکەدا زال دەبێت، یاخود چارەسەرکردنەکە دەرەکی یە، کاتێک پزیشک چارەسەری دەکات.

توشبونی گەلێکیش بە ئەنفلەوەنزای دکتاتۆری یەت، بە هەمان جۆر لە مێژوی هیچ گەلێکدا دیاردەیەکی هەمیشەیی نەبوە، بەلکو یاخود لە ناوەخۆوە چارەسەر کراوە، یاخود لە ڕێگای دەستتێوەردانی دەرەکی کۆتایی پێ هێنراوە.
سیستەمە دکتاتۆری کانی سەدامو، عیدی ئەمینی ئوغەنداو، نۆریگەی پەنەماو پۆلپۆتی کەمبۆدیا بە دەستتێوەردانی دەرەکی کۆتایی یان پێ هێنرا، کەوا دەتوانین لە گەل چارەسەرکردنی پزیشکی بۆ نەخۆشی ئەنفلەوەنزای تاکە کەسێک بەراوردی بکەین. ڕژێمە دکتاتۆری یەکانی تری وەکو مۆبوتۆی زائیرو، سیادباری سۆمالو، تشاوشێشکۆی ڕۆمانیاو شای ئێران بە دەستی میللەت خۆی گۆربە گۆڕ کران، کەوا دەتوانین بە چارەسەری خۆیی نەخۆشی ئەنفلەوەنزای مرۆڤێک ناوی ببەین.

لە ژێر هەر ناوێکو، ڕەنگێکو دورشمێک بێت، سیستەمی دکتاتۆری مەحالە سەر بگرێت، مەسەلەکە تەنها کاتە تاکو ئەنفلەوەنزای دکتاتۆری گەلێکیش چارەسەر دەکرێت، هەرچەندە جاریش وایە نەخۆشی یەکە ئازارێکی زۆر بەم میللەتە دەگەیەنێت کەوا توشی بوە، بەلام هەروەکو ئەنفلەوەنزای ئاسایی زەحمەتە میللەتێک لە ناو ببات.

نەتەوەی کوردیش بە شێوەیەکی گشتی بە دەست ئەنفلەوەنزای دکتاتۆری یەتەوە نالاندویەتی، بەلام ڤایرۆسەکەی جیاوازی هەبوە لە گەل ڤایرۆسی ئەنفلەوەنزای دکتاتۆری زۆربە گەلانی تر. ڤایرۆسی ئەنفلەوەنزای دکتاتۆری کوردی هەردەم ڤایرۆسێکی نامۆ بوە، واتە کورد بە دەست دکتاتۆری یەتی بیانی یەوە نالاندویەتی.

له سالی 1991 وەو پاش دامەزراندنی هەرێمی دژەفڕین له لایەن هێزەکانی هاوپەیمانانەوە مەسەلەکە له کوردستانی عێراق گۆڕا، ئەمجارەیان ڤایرۆسی نامۆی ئەنفلەوەنزای دکتاتۆری بە دەرکردنی ڕژێمی بەعس له هەرێمی کوردستان بنبڕکرا، بەلام ئەوەندەی نەبرد ڤایرۆسەکە جینی خۆی گۆڕی، بو بە ڤایرۆسێکی خۆمالی، جەستەی گەلی کوردی توشی ئەنفلەوەنزای دکتاتۆری خۆمالی کرد.

ئەو سیستەمە حوکمەی له کوردستاندا هەیە له لایەنی پراکتیکەوە سیستەمێکی دکتاتۆری یە ئەگەر هەزار جاریش هەلبژاردن بکرێت، له سەردەمی سەدام حسێنیشدا هەلبژاردنی ساختە دەکرا وە ئێستاش له سیستەمە دکتاتۆری یەکانی وەکو میسرو یەمەنو سوریا هەلبژاردن دەکرێن.

---

له زەقترین دیاردەکانی ئەنفلەوەنزای دکتاتۆری کوردی ، گەندەلیو، چەوساندنەوەی ئازادی یەکانو مۆنۆپۆلکردنی دەسەلاتە له لایەن چەند خێزانێکو بنەمالەیەکەوە.
ڤایرۆسەکەی ئەنفلەوەنزای دکتاتۆری کوردی جۆرێکی زۆر کرێتو دزێوی ئەم جۆرە ڤایرۆسانەیە، هاوتای کەمە له جیهاندا.

نە دکتاتۆری یەتێکی ناسیۆنالیستی یە له شێوەی سیستەمەکانی ئیتالیای فاشیو، تورکیای کەمالیو ئەلمانیای نازی تاکو مەبەستی پێشبردنی پیشەسازی نیشتمانی بێت، نە تۆتالیتاریەتێکی ئایدۆلۆجی چەپیشە وەکو ئەوەی سۆڤیەتی پێشو کۆماری چینی ئێستا تاکو خزمەتی چینی هەژارو کرێکار بکات بۆ شەرعیەتدان بە مانەوەی خۆی. دکتاتۆری یەتێکی بێ ئابڕوو بێ ئەخلاقە.
پڕۆپاگەندەی دیمکراسیەت دەکات کەچی سیستەمێکی دوا کەوتوی دەرەبەگی یە چەند بنەمالەیەکی گەندەل دەستیان بە سەرا گرتوە. پڕۆپاگەندەی دادپەروەری کۆمەلایەتی دەکات ، کەچی زۆربەی هەرە زۆری چینەکانی خەلق ژیانی کۆلەمەرگی دەبەنە سەر وە ئەگەر ترادیسیۆنی هاوکاری کۆمەلایەتی نەبێت له کۆمەلگای کوردەواریا ئەوا بە دەها هەزار کەس له پیرو پەککەوتەو منالو خێزانی هەژار دەکەونە سەر شەقامەکان. پڕۆپاگەندەی دابینکردنی خزمەتگوزاری یەکان دەکات، کەچی مالی لێپرسراوانو هەندێ له دەولەمەندانی لێ دەرچێت کەم کەس ئاوی پاکو کارەباو خزمەتگوزاری تەندروستی بەر دەکەوێت. پڕۆپاگەندەی خەباتگێڕیو دەستپاکیو خۆبەختکردن دەکات، کەچی خەریکی دزیکردنو گەندەلی یە. له سەرکردەکانی هەردو حیزبە سەرەکی یەکەوە دەستپێبکە تاکو زۆربەی لێپرسراوە بچوکەکانیش، کێ هەیە کوڕەکانی خۆی ئامادە نەکات بو وەرگرتنی دەسەلات له پاش خۆی، یا کوڕو براو برازای خۆی نەکات بە نوێنەری حیزبو حکومەت له واشتنتۆنو بەرلینو پاریس، خالو ولاشزاوا خوارزای خۆی نەکات بە وەزیرو بە ڕێوەبەر، نەبوبێتە ملیۆنێر له ڕێگەی دزی کردن له میللەت، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ دەستی بە سەر کۆمپانیا گەورەکاندا نەگرتبێت وە مۆنۆپۆلی نەکردبێت. هێشتا بەوەشەوە ناوەستن، ئەوەتا وا کەسوکارەکانیان ئامادە دەکەن بۆ چەوساندنەوەی ئابوریو سیاسیمان بۆ دەها سالی تر، هەروەکو بلێ ی ئێمە مەڕ بین.

خوازیاریشن میللەت دەبەنگ بێت وەکو خەونی هەمو دکتاتۆرێمکی تر، دەیانەوێت هەمو شتێکیان پێ باوەڕکەین، مێژو نەخوێنینەوە، باسی جاشایەتی ئەمو ئەو نەکەین بۆ ڕژێمەکانی ئێرانو، عێراقو

تورکیا، نەلێین فلان لایەنو فلان کەس بە دوای پاسدارو جەندەرمەو گاردی کۆماری دەکەوتن بۆ کورد کوشتن. باسی فایلەکانی سەرشۆڕیو خیانەتیان نەکەین، نەلێین کوا بودجەی هەرێم بۆ کوێ چو، چەندە کەستان بێ سەرو شوێن کرد یا چەندتان لە ژێر ئەشکەنجەدان کرد بە کەمئەندام.

ناشبێ بلێین درۆیە ئێوە کوردستانتان ڕزگار نەکرد بەلکو ئەمریکا هەم هەرێمی کوردستانی دەمەزراند هەم ئێوەشی هێنایە سەر حوکم وە هەردەمێکیش بیەوێت خانەنشینتان دەکات.

بۆچی فیزی کوردایەتیو ڕزگار کردنی کوردستان بە سەر ئێمەوە دەکەن، ئەی میللەت ڕاپەڕینی نەکرد، یا کاتێ پاش ڕاپەڕین کە هێزەکانی ڕژێمی هێرشیان کردەوە سەر کوردستان ئێوەش بۆ سەر سنورەکان ڕاتان نەکرد تاکو ئەمریکا بە خێرای خۆی هەرێمی دژەفڕینی دامەزراند وە ئێوەشی هێنایەوە سەر کورسی حوکم؟

ئەی ئەمجارەیان بۆ کوێ ڕادەکەن ئەگەر ئەمریکا هەرێمی کوردستان نەپارێزێت؟ ئەی دەها هەزار لەشکری تورکی بۆچی لە سەر سنورەکانی هەرێم کۆبونەتەوە، ئێران بۆچی تۆپبارانی ناوچەکانی هەرێم دەکات، تێرۆریستەکان بۆچی لە موسلو کەرکوکو بەغدا ڕاوە کورد دەکەن؟ ئەی ئەمە هەموی خۆ ئامادە کردن نی یە بۆ قۆناغی پاش ڕۆیشتنی ئەمریکا؟

بەلام بە داخەوە هەرچی لە سەر ئاستی نێودەولەتی بۆمان کرا ئێوە لە سەر دزیو دکتاتۆری یەتی خۆتان دانا. ئەمریکاو هاوپەیمانان وا ئێستا خەریکی خۆ کێشانەوەن لە کوردستان هەربۆیەش گەمارۆی ئابوری خراوەتە سەر هەرێم، کارەبا بڕاوەو سوتەمەنیش نایەت، کەسیش نە دەلێتە دەسەلاتدارانی کوردستان مەرحەبا نە کەسیش دەیەوێت لە دەرەوە پێشوازیان لێ بکات. لەجیاتی ئەوە میدیاکانی جیها پڕن لە هەوالی زیندانی کردنی ڕۆژنامەنوسانو، ئەشکەنجەدانی زیندانیانو گەندەلی لێپرسراوان. بالوێزی بەریتانی کاتێ ماوەیەک لەمەوبەر هاتە کوردستان هاواری کرد شەفافیەت شەفافیەت، واتە ئەگەر وەریگێڕینە زمانی بازاڕ دەبێتە بەسە دزی بەسە دزی.

هەرچی ئێمەی کورد بۆمان نی یە بیلێینو بینوسین لە سەر کوردستان لایەنە بیانی یەکان دەیلێنو دەینوسن. نوسەری ئەم بابەتە لە سەر بابەتێک لە سەر پەیوەندی یەکانی سەرکردایەتی پارتی لە گەل دەزگا جاسوسیو سەربازی یەکانی ئیسرائیل بە 30 سال حوکمدرا تاکو دوایی بە شەقی نێوە دەولەتی حوکمەکەیان پێ هەلوەشەندنەوە، کەچی هەردو ڕۆژنامەی ئیسرائیلی یدیۆت ئەهرۆنۆت (/www.ynetnews.com/articles/0,7340,L-3177712,00.html) وە هارێتس (ژمارەی 22.6.06) دوو بابەتیان لە سەر پەیوەندی یە جاسوسی یە کانو سەربازی یەکانی سەرکردایەتی پارتی لە گەل هەندێ لایەنی ئیسرائیلی بلاو کردوە وە ناوی ئەو ئەندامەی سەر بە بنەمالەی سەرکردایەتی پارتیشیان هێنا کەوا لە گەل سەرۆکی پێشوی مۆسادی ئیسرائیلی، لە کوردستان کۆمپانیایەکیان بۆ کاری ئەمنیو سەربازیو بەلێندەرایەتی دامەزراندبو. باشە ئەگەر ڕۆژنامەیەکی کوردی شتێکی وای بنوسیبا دەبوایە بە چەند جار 30 سال حوکمی بدەن؟ ئەی بۆچی بەرامبەر ڕۆژنامەکانی ئیسرائیلی

**چاوتان دادەخەن هەرچەندە داواشتان کردبو پەیوەندی یەکان نهێنی بن؟ مرۆڤی ترسنۆک تەنها لە خۆ خۆری ئازایە.**

**باوەڕبکەن زۆردرێژە ناکێشێت ئەنفلەوەنزای دکتاتۆری یەتی ئێوەش چارەسەر دەکرێت، بەلام نامانەوێت بە دەستی دەرەکی بێت، حوکمی دکتاتۆری خۆمالی سەد قاد لە ژێردەستی بێگانە چاکترە، بەلام دلنیا بن چارەسەرکردنەکە خۆمالی دەبێت.**

**ئەمجارەیان وا پێ دەچێت دکتاتۆرەکانی کوردستان خۆیان ئەنفلەوەنزەیان گرتبێت، ناتوانن نە قەیرانی سوتەمەنیو کارەبا چارەسەربکەن، نە دەست لەو دزیو گەندەلیەش هەلگرن کەوا خویان پێوە گرتوە. زەمانی جاشایاتیش نەما بۆ وولاتانی دراوسێ ئەگەرنا لایەن هەیە ئامادە بێ بۆ جاشایەتی بەرامبەر بەنزین.**

**چارەسەری ئێوەش دەکەین بەلام لە شێوەی چارەسەری فیلیبینو، پێرو، ئۆکرانیا، نەک لە شێوەی ڕۆمانیا. چاوەڕوانیش مەبن کەس براکوژیو، دزی مولکی گشتیو ئەشکەنجەدانو بێ سەروشوێنکردنی خەلقی لە بیر چوبێتەوە. بەلام دادگا هەیە، درەنگ یا زوو دەبێ ئەنفلەوەنزای ئێوەش بنبڕبکەین.**